www.kurdistannet.org
05/03/2003 23:59

# شەڕ درێژەی سیاسەت .........شەڕ کورت بوونەوەی تەمەنی سەرمایەداری

ئازاد عزیز

شەڕێك كەبەڕێوەیە هەموودنیای بەخۆوە خەریك كردوە. كامە میدیای دنیا، كام دەوڵەت وبزووتنەوەوحزبی سیاسی دەرگیر ئەمرۆ سەرنجی لەسەر شەڕێك نیە كە ئەمریكا خەریكەبەناوی عێراقەوە بەدنیای دەگێڕێ.

پرسیارێ كەدێتەپێشەوەو لەوەئەچێت بەمێشكی هەموو كەسێكی دربەست وبەئاگا دابێت، ئەوەیە؛ئایا زەروورەتی ئەم شەرە چی یە ؟وەیان بەشێوەیەكی تر، سەرەڕای نارزایەتی ملیۆنی لەسەرجەم دنیادا، سەرە ڕای دووبەرەكی و زەق بوونەوەی ناكۆكی لە نێوان دەوڵتە سەرمایەدارەگەورەكان دا تاحەدی وەستانەوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن فەرنساو ئەڵمانیاوە بەرامبەر سیاسەتی شەڕخوازی ئەمریكا، پەل كێشانی ئەم ناكۆ كی یە بۆ ناو ئەنجومەنی ئاسایش ویەكێتی ئەورووپا. ئایا پێداگرتنی ئەمریكا لە سەر شەڕ زەروورەتەكەی لەكوێوەیە ؟شەڕدرێژەی كام سیاسە تە ؟واتە چ هەلە ومەرجێكە سەرمایە داری پیا تێپردەبێت، تاسیسەت بەشێوەی شەڕ درێژە پێ بدات. دیارە هەریەكە لە گۆشە نیگایە كەوە وەلامی خۆی دەداتەوە. یەكێك دەڵێ لەبەر ئەهمیەتی نەوتە، یەكیكی تر دەڵی زاڵكردی هەیمەنەیە ....... . لێكدانەوە بە جێی خوی. دەكری وەلامی ئەوپرسیارانەمان بەلێكدانەوەی دروست دەست بكەویت. بەلام ئەوەی من ئەمەوی سەرەنجی بخەمە سەر ئەوەیە، هەرئەم بارودۆخە تەشەنوج ئامێزە، ئەم پێداگرتنەی ئەمریكا لەسەر شەڕ، ئەم ناكۆكیە نێو دەوڵەتیە ئەم خرۆشانەجەماوەریەی سەرجەم دنیا، نیشانەی كام نەخۆشی نیزامی سەرمایە داریە كەچارەسەرەكەی شەڕدەكات بەپێویست ؟.

دیارە هەمووومان دەزانین شەڕ پێویستی یەكی سەرمایەداری بووە، بەدرێژایی مێژووی جیكەوتنی چەندین جار بەشەریەتی لەخوێن هەڵكێشاوە. دڕندەیی ئەم نیزامە كۆمەلایەتیە لەشەڕدا زەق وبێ پەردەیە سڵ نەكردنەوە لەبەكاهێنانی چكی ئەتۆمی وچكی كیمیاوی، كوشتنی بەكۆمەل بەئاشكرا وبێ پەردە، ناسنامەی ڕەشی ئەم نیزامەیە.

بەلاّم ئەوەی ئەم شەڕە جیادەكاتەوە، وەیان شەڕی لەمەودوا جیادەكاتەوە، كەلەگەلّ درێژبوونەوەی تەمەنی ئەم نیزامەدا، حەتمیەو بەپێی ڕوولەبن بەست بوونی ئەم نیزامە شەڕی گەورەو گەورەتر بەڕێوەیە. ئەوەیە بەپێی دەست ڕاگەشتن وخستنە خزمەتی تازەترین دەسكەوتی تەكنۆلۆجی لەبەرهەم هێنانی پیشەسازی چەك دا، سەرجەم دنیا مەیدانی شەڕە. هەڕشەی لەنێوچوونی بەشەریەت ئاكامی داهاتووی

درێژی ئەوسیاسەتەیە کەتادێت ڕوولە بن بەستە. ئەم نیزامە ئێستا هەموگۆشەیەکی ئەم دنیایەی تەنیوەتەوە، قازانج پەرستی سەرمایە هەموو ژیانی بەشەریەتی کردوەتەمەیدانی بەرهەم هێنان. پەرەسەندنی سەرمایەقۆناغێکی تری نی یە، تابەدوای خۆیدا جێگیربوونی کۆمەڵایەتی، بۆماوەیەکیش بێت بێنی، هەربۆیە ڕەوتی پەرەسەندنی لامەولا ڕوو لە شەڕە. شەڕی ئێستا وێنا کردنێکی ئاوا دەدات بەدەستەوە. بەپێی ڕەوەندی ئێستای سەرمایەداری، چارنووسی بەشەریەت لەمەترسی دایە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەم نیزامە بەکەڵکی بەشەر نایەت. مۆتەکەی شەڕ داهاتوو. یەکێك لەهۆکارەکانی ورووژانی دنیایەو هەڵوێستی دژی شەڕبەرجەستەبوونی ئەوواقعیەتەیە کەنیزامێك ژیان وگوزرانی بەشەریەت بەرێوەدەباتلەگەڵ خواستی ئینسان دا نایە تەوە. شەڕنیشانەی گێچەڵیەتی بۆ خۆ هێشتنەوە. ئەمە نیشانەکانی پیر بوون و پە ککەوتەیی یە. بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کەڵپەی تیژی ئەم نیزامە بەهۆی تازەترین دەسکەوتی تکنۆلۆجیەوە تیژەو هیچ لەوە سڵ ناکاتەوە لەسەرجەم ژیانی بەشەریەتی گیربکات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە خاڵی لاوازی ئەم نیزامە مەیدانی شەڕی سەربازی نی یە، ؟ مەیدانی شەڕی چینایەتی یە. ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی تەکنۆ لۆجی نی یە، هاتنە مەیدانی هێزی کارە

٢٠٠٣/٢/٢٣

تێبینی کوردستان نێت:
مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان ، بەلاّم بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێزنێت) ە و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.
ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣